سەماحەتی حەکیم پیرەزبایی لە پۆلیسی عیراقی کرد بەبۆنەی جێژنیان و داوای کرد زیاتر بەسەریان دابەش بکرێت و مووچەکانیان کەك بخرێتەوە.



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی کۆتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز فەریق ئیول عەبد ئیلئەمیر ئیلشەمەری وەزیری ناوخۆ و پیرەزبایی جێژنی پۆلیسی عیراقی لێکردن، هەروەها ستایشی ئەو هەوڵ و کۆششە زۆرەی وەزارەتی کرد لەلایەن ئەفسەران و پلەداران لە بەرقەرار کردنی ئەمن وئاسایش، هەروەها قوربانیدانی ئەوانەی گیانی خۆیان لەبەرگری کردن لە عیراق فیداکردووە.

سەماحەتی داوای دادپەروەری بە کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆی کرد لە ڕووی چاککردنی لیستی مووچە و بەرزکردنەوەی مووچەی ئیسمی تا ئەوانەی خانەنیشن دەکرێن بەبەراورد بە خەڵکی مەدەنی بە مووچەیەکی باش خانەنشین بکرێن، هەروەها داوای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوونکی گونجاوی بە هەمووان کرد وەك سادەترین ماف کە کارمەند لە خزمەتکردنی دڕێژ بە وڵاتەکەی وەریدەگرێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێشخستنی دەزگای پۆلیس تا بەشێوەیەکی کەمتر پشت بە مرۆڤ ببەستن و بە پشت بەستن بە سیستەمی مەدەرن و ئەلکترۆنی تازە قەرەبووی بکەنەوە، هەورەها جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێت دیاردەی دەرکەون بە چەکەوە لە شارکان کەم بکرێتەوە و بە هەوەی هەواگری بگۆڕێت.

سەماحەتی حەکیم هۆشداری دا لە مۆڵ بناوبوونەوەی دیاردەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، دووپاتیشی کردەوە گەنگرێگا چارەی تازە بەکار هێنن بە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دیاردەیە مەترسیدارە، لەڕێش دەبێت سەرە گورەکان لە بازرگانی کردن بەو بازرگانییە ڕووخێنەرە بکرێنە ئامانج، هەروەها داوای کرد بایەخی زیاتر بە پۆلیسی کەمەگڵایی بدرێت بە ئەوەی بە بەرخسێت باشتر کێشکانی کەمەگا چارسەر بکات بەر لەوەی بە دادگاکان بگات.

لەکۆتاییدا سەماحەتی حەکیم داواشی کرد بایەخی زیاتر بەو دەزگایانە بدرێن کە لە هاوڵاتیان نزیکن، وەکو دیاریشە وەزارەتی ناوخۆ یاوەری هاوڵاتی دەبێت لە ڕێژی لەدایك بوونی تا ئەو ڕێژەی کۆچی دوایی دەکات، جەختیشی کردەوە لەسەر بەداتاکردنی ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە بە ئەوەی کاری هاوڵاتیان ئاسانتر بێت.